# جۆرج بووش لەگۆشەگیریدا دەژی!

هاشم عەبدوڵڵا



دوای ئەوەی دیموکراتیخوازەکان دەنگی نەرێیان بەبودجەی جەنگی عێراق دا و نانسی پلوسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش دژ بەمەیل و خواستی سەرکۆماری ئەمریکا بەرەو دیمەشق هەڵفڕی ، جۆرج دەبلیو بووش، سەرکۆماری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەم ئەندامانی پایەبەرزی پارتی دیموکراتیخوازەکانی بەوەتۆمەتبار کرد کەهەست بەبەرپرسیاریتی ناکەن ، هەمیش گلەیی لەنانسی پلوسی کردو بەوەتۆمەتباری کرد کەپشتیوانی لەسوریا دەکات کەئەو وڵاتەش پشتیوانی و پارێزگاری لەگروپەتووندڕۆ و تیرۆریستەکان دەکات .

دیموکراتیخوازەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن کەبۆ وەڵامدانەوەی خواست و مەیلی بەرژەوەندەکانی خەڵکی ئەمریکا دەیانەوێ گۆڕان لەهێڵی ڕامیاری جۆرج بووشدا بکەن ، بۆ دەربازبوون لەقەیران و تەنگژەکان گەرەکیانەرێگەچارەیەکی گونجاو بدۆزنەوە، کەچی جۆرج بووش پێیوایەهێڵی ڕامیاری ئەو کێماسی تێدا نیەو دیموکراتیخوازەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕێگری لەکارەکانی ئەودا دەکەن !

هێری رید سەرۆکی زۆرینەی سەنای ئەمریکا راشکاوانەدەڵێ :ئێمەرێگەبەسەرۆک نادەین کەدرێژەبە رامیاریەناکامیەکەی خۆی لەعێراق بدات ، ئێمەنوێنەرایەتی رای خەڵکی ئەمریکا دەکەین و گوشار لەسەر جۆرج بووش چڕتر دەکەینەوە، بەڵام جۆرج بووش بەنیگەرانیەوەبەرسڤی ئەوان دەداتەوەو دەڵێ : دەنگدانی دیموکراتیخوازەکان بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق ناکام مانەوەی بەرپرسیارێتی ئەوان لەبەرانبەر هێمنایەتی ئەمریکاو سوپاکەی دەردەخات .

جۆرج بووشی سەرکۆمار بۆ درێژەدان بەجەنگی ئەفگانستان و عێراق داوای ١٠٠ ملیار دۆلار بودجەی بۆ هێزەکانی کردبوو ، دیموکراتیخیوازەکان ئەو بودجەیەبەداچۆڕانی ئابووری ئەمریکاو بۆ بەرژەوەندی خودی جۆرج بووش پێوانەدەکەن ، وێڕای ئەوەش خواستەکەی بووشیان پەسند کرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدان کەدەبێ تا مانگی ئەیلولی ٢٠٠٨ هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بکشێنەوە. دیموکراتیخوازەکان بەرنامەو رامیاری سەرکۆماری ئەمریکا بەناڕۆشن و تەماوی و ناکام دەبینن و پێیانوایەجگەلەدۆڕان بەرهەمێکی دیکەی لێ وەدینایەت ، ئەمەش وا دەخوازی کەبەری لێبگیرێ و ڕێگەی پێنەدرێ لەوەزیاتر زیان بەبەرژەوەندەکانی وڵاتەکەیان بگەیەنێ ، کەچی لەبەرانبەر بۆچوونی دیموکراتیخوازەکاندا جۆرج بووش هەڕەشەی ڤیتۆ دەکات و دەیەوێ لەژێر گوشاریان بنێ و ناچاریان بکات کەپشتیوانی لەبەرنامەکانی ئەودا بکەن ، خۆشبەختانەدیموکراتیخوازەکان بۆ سەرخستنی رامان و رامیاری خۆیان هەڕەشەی راگرتنی بودجەدەکەن ، بەمەش ناکۆکیەکان قوڵتر بوونەتەوە، هەڵمەتی یەکتر تۆمەتبارکردن بەرفراوانتر بۆتەوە. جۆرج بووش لەژێر چادری نیگەرنی و دڵەڕاکێدا گۆشەگیری بۆ ماوەتەوە.

ماسیۆ داود یەکێک لەراوێژکارانی پێشووی جۆرج بووش لە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ نیۆیۆرک تایمزدا ڕەخنەلەبووش گرتووەو بەوەتۆمەتباری کردووەکەگوێ لەخواستی نیوودەوڵەتی بۆ کشانەوەلەعێراق ناگرێ .

ئەوەی شیاوی باسەناوبراو پێشتر دیموکراتخواز بوو ، بەڵام چونکەلەبەرنامەکانی بیل کلتنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بێهیوا بوو ، بەرەو کۆماریخوازەکان بای دابووەوە، رۆڵی گرنگیشی لە هەڵبژاردن وهێنانەسەر کاری جۆرج بووش لەساڵی ٢٠٠٠دا هەبوو ، هەروەها ساڵی ٢٠٠٤یش زۆر سەرسەختانەپشتیوانی لەجۆرج بووش کردبوو ، بەڵام ئێستا لێی نیگەرانە، ناوبراو گوتویەتی : ( من ڕێزێکی زۆرم بۆ جۆرج بووش هەیە، کەچی ئێستا لەو باوەڕەدام لەگۆشەگیریدا دەژی و پێیوایەلەلووتکەی هەرەبڵند دا دەژی!! ئەو خەیاڵەشی وایکردووەکەئێستا لێی بێهیوابم ) ناوبراو ئاشکرای کردووەکەزۆر جاران ویستویەتی بەشداری لەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانانەدا بکات کەدژی شەڕی عێراق بەڕێوەدەچن، بەڵام لەبەر ئەو دۆستایەتیەی کەلەگەڵ خودی جۆرج بووشدا هەیەتی ، بێدەنگی هەڵبژاردووە، دەنا دەبێ سەرکردەکان تێبگەن کەگەلی ئەمریکا چی دەوێ ، ئەوەتا گەلی ئەمریکا دەڵێ : لەعێراق بکشێنەوە، بڕۆنەدەرێ!

لەکۆتایی هەفتەی رابردوودا گۆڤاری نیۆیۆرک بەهۆی ئاکامی ڕاپرسییێک ئاشکرای کردووەکەتەنیا ٢٨% ی خەڵکی ئەمریکا پشتیوانی لەسیاسەتی سەرکۆمار دەکەن ، ٥٧% دەیانەوێ خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دیاری بکرێ کەئەمەش خواست و رمانی دیموکراتیخوازەکان بەرجەستەدەکات .

راستیەکەی جێگەی شەرمەزارییەبۆ هەر سەرۆکێک کەرێژەی ٢٨% ی دانیشتووانی وڵاتەکەی پشتیوانی لەرامیاری ئەودا بکەن !! هەڵبەت هەر سەرۆکێک لەخواست و مەیلی خەڵک دوور بکەوێتەوە، لەخۆبەزلزانیندا نغرۆ دەبێ و لەگۆشەگیریدا دەگیرسێتەوە.

# ئەردۆگان لەبن لادن ترسناکترە!

سیروان شوانی



کاتژمێر ١١,٤٩ی رۆژی ٥-٤-٢٠٠٧ کەناڵی ئاسمانی سی ئێن ئێن لەبەرنامەی چیرۆکی راست کەبەملیۆنان مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهان تەماشای دەکەن ، لەژێر ناوی " تورکیا دۆست یان دوژمن" دانوستاندێکی گەرم و گوڕی پێکهێنا .

ئەم بەرنامەیەبۆ بەدواداچوونی ئەو وتارەپێکهاتبوو کەهەفتەی پێشتر لەرۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزدا باسی ئەگەری هەڵگەڕانەوەی تورکیا لەئەمریکا و بوونی بەدوژمنێک لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا کردبوو!!

میوانانی بەرنامەکەدووپاتیان دەکردەوەکەئەردوگان لەژێر ناوی ئیسلامەوەبیر لەفراوانخوازی دەکاتەوە، ئەمەش لەبۆچوونەکانی بن لان ترسناکترە، چونکەئەردۆگان فەرمانڕەوایەتی وڵاتێکی گەورە دەکات ، هەروەها بەردەوام هەڕەشەی لەشکرکێشی هەرێمی کوردستان دەکات ، جا ئەگەر لەشکری تورکیا بچێتەناو خاکی هەرێمی کوردستانەوەتەواوی بەرنامەو پلانەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا هەڵدەوەشێتەوە.

هەرچەندەمیوانانی ئەو بەرنامەیەزۆر لەسەر کەسایەتی ئەردۆگان و بۆچوونەکانی پارتی دادو گەشەپێدان نەوەستان ، بەڵام چاودێرانی سیاسی بۆچوونەکانی ئەردۆگان و پارتەکەی زۆر بەترسناک دەبینن ، ئەوان خۆیان بەمیراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دەزانن و هەوڵی زیندوو کردنەوەی دەدەن . هەرچەندەئەو بۆچوونە بەسەرچووەو ناگەڕێتەوە، بەڵام دیسانیشەوەدەتوانێ کاریگەری خۆی لەسەر هەستی تورکەکان و لایەنگرانی ئەوان دابنێ و ئاژاوەلەرۆژهەڵاتی ناڤیندا دروست بکەن .

ئەردۆگان رۆیشتنی زیکزاک لەرامان و هەڵوێستەکانی خۆی پەیڕەو دەکات، زۆر زیرەکانەخاڵەلاوازەکانی بەرانبەر و کون و قوژبنی تەنکی لایەنەکانی نەیار دەبینێتەوە، ئەو ئێستا دەزانێ کەرەوشی ئەمریکا لەعێراق و و ئەفگانستان بەرەو خراپی دەڕوات ، ئەو دەزانێ کەدۆستانی ئەمریکا لەم کاتەدا لەپێناو سەرکەوتنی ئەمریکا تێدەکۆشن ، بۆیەئەردۆگان دەیەوێ بەخشکەیی خواستەکانی خۆی بەسەر ئەمریکا بسەپێنێ ، هەروەها لایەنگرانی ئەمریکاش بۆ پشتیوانی کردن لەئەمریکا ئامادەن چاوپۆشی لەهەندێ مافی خۆیان بکەن و لەبەرانبەر ئەردۆگان دا شان نزم بکەن ، بەڵام چاودێرانی سیاسی ئەمەبەترسناک دەبینن، چونکەفراوانخوازیەکەی ئەردۆگان و پارتەکەی بەوەندەناوەستن بەرەو شوێنەکانی دیکەش پەل دەکوتن .

راستیەکەی بۆچوونەکانی ئەردۆگان و هێڵی رامیاری پارتی دادو گەشەپێدان ئەگەر گۆڕانیان بەسەر نەیەت ، لەداهاتوودا ناوچەکەدووچاری گێژاو و تەنگژەی دیکەدەکەنەوە. دوورەپەرێزی کردن لەئەردۆگان و پارتەکەی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دایە، باشتر وایەکەکوردستانیان راشکاوانەتر دژی ئەو پێوەندیانەبوەستنەوەکەلایەنەسیاسیە کانی کوردستان لەگەڵ ئەردۆگان و پارتی دادو گەشەپێدان هەیانە. دەوڵەتی تورکیا لەوەتەی هەیە، ئەردۆگانیش لەوەتەی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی وەرگرتووەبەهێزو پشتیوانی ئەمریکا دەیانەوێ کوێخایەتی لەسەر گەل و وڵاتانی ناوچەکەدا بکەن ، هەڕەشەکانیان درێژەپێدەدەن ، داگیرکردنی باکوری قوبرس و رەوانەکردنی بەردەوامی هێزەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان و چاو سوورکردنەوەلەسوریا و ململانێ لەگەڵ یۆنانستان و بولگارستان بەپشتیوانی ئەمیرکاو هێزەکانی ناتۆ ئەنجام دەدرێن ، دەبێ هۆشیارانەبەرسڤی ئەو فراوانخوازیەیان بدرێتەوە.

# کێشەی مەلەوانە گیراوەکان یەکلایی دەبێتەوە

ئامادەکردنی : ڕۆژی گەل



هێزەکانی دەریاوانی ئێران رۆژی ٢٣-٣-٢٠٠٧ لەنێو ئاوی کەنداودا ٨ مەلەوانی هێزی دەریایی و حەفت تفەنگداری بەریتانیایان بەدیل گرت کە١٤ پیاو و ژنێک بوون . کۆماری ئیسلامی ئێران راگەیاند کەئەوانەلەنێو ئاوی ئێراندا دەستگیر کراون ، بەڵام بەریتانیا رەتی کردەوەو راگەیاند کەئەوان لەنێو سنووری ئاوی عێراق دابوونە. بەوهۆیەوەکێشەیەکی گەورەلەنێوان ئێران و بەریتانیا هاتەئاراوە. بەریتانیا هانای بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان برد ، ئەوانیش پشتیوانی خۆیان دەربڕی و خواستیان کەدەستبەجێ گیراوەکان ئازاد بکرێن ، بەڵام ئێران خوازیاری ئەوەبوو کەبەریتانیا داوای بووردن بکات و بەڵێنیش بدات کەجارێکی دیکەسنووری ئێران نابەزێنێ .

سەرەتا لەسەر داوای تورکیا بڕیاروابوو کەمەلەوانەژنەکەئازاد بکرێ ، بەڵام کاتێ راگەیاندنەکانی بەریتانیاو ئەمریکا باسیان لەهەڕەشەی بەریتانیاو ئەمریکا کرد ئیدی ئێران پاشگەز بۆوەو ئەو مەلەوانەژنەی ئازاد نەکرد ، سەرەنجام مەلەوانەگیراوەکان ماوەی ١٢ رۆژ لەئێران راگیران ، کەسێ نەیدەتوانی پێشبینی چارەنووسیان بکات ، هەندێک پێیانوابوو کەبەریتانیا بەهێزی سەربازی گیراوەکان ئازاد دەکات ، هەندێکی دیکەپێیانوابوو لەگەڵ پێنج دیبلۆماسیەئێرانیەکەی کەلەکۆنسوڵخانەی هەولێر رفێندراون ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ ، هەندێکی دیکەش پێیانوابوو دادگەیی دەکرێن و سزای زیندانیان بەسەردا دەسەپێندرێ .

لەو ماوەیەدا مەلەوانەژنەکەسێ نامەی کاریگەری بۆ ماڵەوەو بۆ دەستەڵاتدارانی بەریتانیا و بۆ سەربازانی بەریتانیا جێگیر لەعێراق رەوانەکرد ، لەراگەیاندنەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەنگی دایەوە، راستیەکەشی ئەو ژنە بوێرانەرامانی خۆی دیارکردبوو.

سەرەنجام لەهەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا رۆژی ٤-٤-٢٠٠٧ مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاری ئازادکردنی مەلەوانەکانی دا ، ئەوانی وەکو دیاری پێشکەش بەبنەماڵەکان کردەوە!

هەواڵەکان وا رادەگەیەنن کەسوریا و قەتەر رۆڵی کاریگەریان لەسەر ئازادکردنی گیراوەکاندا هەبووە. هەرچۆنێ بێ کاتژمێر ٨ی رۆژی ٥-٤-٢٠٠٧ بە کاتی تاران بەفرۆکەیەک بەرەو بەریتانیا هەڵفڕین و کاتژمێر ١١ بەکاتی گرینیچ لەفرگەی هیسرۆی لەندەن نیشتنەوە.

دوای گەیشتنەوەیان یەکسەر بەهەلیکۆپتەرێکی سەربازییەوەبەرەو پێگەیەکی سەربازی گواسترانەوە. لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا ، پاشان رەوانەی ماڵەوەکرانەوە.

دوای ئازادکردنی مەلەوانەکان تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەوتەیەکیدا خۆشحاڵی خۆی بۆ ئازادکردنی گیراوەکان دەربڕی و راگەیاند کەگەلی ئێران خاوەن مێژوویەکی دێرین و فەرهەنگێکی درەخشانن ، بەوهۆیەوەسوپاسی کردن و گوتی : بەریتانیا هیچ نیازێکی خراپی بەرانبەر بەئێوەنیە. هەروەها ناوبراو هیوای خواست کەتەواوی ناکۆکیەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بەشێوەی گفتوگۆ چارەسەر بکرێن .

مەلەوانەئازادکراوەکان لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا سەربردەی خۆیان لەئێران گێڕایەوە، باسی ئەوەیان کرد دەست و چاویان بەستبوونەوە، لەژێر گوشاری دەروونی دابوون ، بەڵام ڕێزیان لێگیراوەو خوارنی باش و جگەرەیان پێداون . ئەوان رایانگەیاند کە هێشتا چەند هەنگاوێکیان مابووبگەنەناو سنووری ئاوی ئێران کەدەستگیر کراون ، کەچی ئەمەپێچەوانەی ئەو قسانەی خۆیانەکەپێشتر لەئێران دانیان بەوەدانابوو کەسنووری ئاویان بەزاندووەو لەنێو ئاوی ئێراندا دەستگیر کراون . لەکۆتاییدا ئەوان ئەو راستیەشیان ئاشکرا کردووەکە لەگەشتەکەی خۆیاندا راسپێردرابوون تا زانیاری لەسەر هێزەکانی ئێران کۆبکەنەوە.

سەبارەت بەگیران و ئازادکردنی مەلەوانەکانی بەریتانیا مشتومڕێکی زۆر لەناو سیاسەتمەدارانی بەریتانیا هاتۆتەئاراوە، هەندێک پێیانوایەکەئێران زۆر زیرەکانەرەفتاری لەگەڵ کێشەکەدا کردو گۆلی لەبەریتانیا کرد ، هەندێکی دیکەش ئەمەبەشکستی دیبلۆماسیەتی ئێران لێکدەدەنەوەو پێیانوایەکەئێران بەئازادکردنی گیراوەکان خۆی لەگورزێکی سەربازی رزگار کردووە، بەڵام عەلی ئەکبەر ویلایەتی ، وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئێران کەئێستا راوێژکاری لەپێشی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەلەدیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئێراندا ئاشکرای کردووەکە رۆژی سێ شەممە ، واتەرۆژێک پێش بڕیاری ئازادکردنی گیراوەکان ،حکومەتی بەریتانیا نامەیەکی ناردوەو داوای بووردنی کردووەو بەڵێنیشی داوەکەئەو کارەدووپات نەکاتەوە، هەروەها گیراوەکانیش لەبەر پیرۆزی ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەری موسڵمانان ئازاد کراون . لەپێوەندی ئەو قسانەدا سێ دیبلۆماسیکاری بەریتانیا بێ ئاگایی خۆیان لەناردنی ئەو نامەیەراگەیاندووە.

هەرچۆنێ بێت ئێستا کێشەی مەلەوانەگیراوەکان یەکلایی بۆتەوە، رای گشتی نێو دەوڵەتی و ئازادیخوازانی جیهان هیواخوازن کەتێکرای کێشەکان بەدانوستاندن و گفتوگۆ یەکلایی بکرێنەوەو جیهان دووچاری شەڕێکی دیکەی کاولکەر نەکەنەوە.